## **سەمیر سەلیم** – **بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**:

## **هەڵوێستمان دەبێت لەبارەی گۆڕینی بەندی حەوتی دەستوورەوە هەر لەهۆشیارکردنەوەی جەماوەرەوە تا ئیمزا کۆکردنەوە**.

### **دیمانە** :**ئاسۆ**



دەربارەی پرسی گۆڕینی بەندی حەوتی دەستورو بەعەلمانیکردنی دەستووری کوردستان و کێشەو دۆزە هەنوکەییەکانی دۆخی سیاسی ئەمرۆی کوردستان، ئەم دیمانەیەمان سازکرد لەگەڵ (م. سەمیر سەلیم) بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

ئاسۆ : لەم چەند رۆژەی ڕابردوودا گروپێك رۆشنبیرو ئەندام پەرلەمانێکی کوردستانیش لەگەڵیاندا هەستاون بە کەمپینێك و داوای گۆڕینی بەندی حەوتی دەستوور دەکەن، ئەگەر بەندی حەوت لە دەستووری هەرێم لابرا یان گۆڕانکاریی تێداکرا، ئێوە وەك یەکگرتووی ئیسلامی چ هەڵوێستێك دەگرنە بەر؟

م. سەمیر: ئەمرۆ هەرێمی کوردستان لەقۆناغی داڕشتنی دەستووری خۆیدایە، سروشتییە هەر هاولاتییەك کە لەم هەرێمەدا دەژی سەرنج و بۆچوونی هەبێت و بیەوێت لەچوارچێوەی دەستووردا بۆچوونەکانی جێبکاتەوە، ئەوەی ئەمرۆ سێ چوار هەزار کەسێك واژۆیان کۆکردۆتەوە، ئەم هەڵوێستە دەبێت تەعبیر لەچی بکات؟ ئەمە تەنیا گوزارشتە لەڕای سێ چوار هەزار کەس، ئەگەر بڕیارە دەستوور ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی کۆمەلگایەکی دیاریکراو بێت، ئەوە واقیعی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی کوردستان واقیعێکی موسڵمانانەیە، لەبەرئەوەی لەسەددا نەوەدو پێنجی کۆمەلگای کوردیی موسڵمانە، هەتا ئەم چرکەساتەش کولتوورو فکرو رۆشنبیریی کوردیی رۆشنبیرییەکە بەرهەمی حوجرەکانە، ئەگەر حوجرەکان لە کولتووری کوردیی دەربهێنیت وانازانم کولتوورێك هەبێت لەناو کۆمەلگای کوردیدا، لەهەمان کاتدا دەبێت سەرنجی هاولاتیان کە زۆرینەیان موسڵمانن لەبەرچاو بگیرێت، بڕواش ناکەم چوار ملیۆن کەس بۆ چوار هەزار کەس فەرامۆش بکرێت، ئێمە وەك حیزبێکی ئیسلامی بەدڵنیاییەوە هەڵوێستمان دەبێت لە هۆشیاکردنەوەی هاولاتیاندا.

ئاسۆ: کەواتە ئێوە بایکۆتی ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەرێم دەکەن؟

م. سەمیر: پێش ڕووداوەکان ناکەوین، بەپێی ئاڕاستەی ڕووداوەکە مامەڵە دەکەین، بەدڵنیاییەوە هەڵوێستمان دەبێت هەر لەهۆشیارکردنەوەی جەماوەرەوە تا ئیمزا کۆکردنەوە و هەڵوێستی پەرلەمانتارەکانمان لەناو پەرلەماندا.

ئاسۆ: پێتوا نییە تێکەلاوکردنی ئاین و سیاسەت ئەو ئاکامەی عێراقی ئەمرۆی لێدەکەوێتەوە؟

م. سەمیر: ئەوەی ئێستا لەعێراقدا دەیبینین دەرەنجامی جیاکردنەوەی دینە لەسیاسەت بۆ ماوەی 35 ساڵ.

ئاسۆ: کەواتە رژێمی پێشووی عێراق لەماوەی ئەو 35 ساڵەدا ئاینی لەدەسەلات جیاکردبووەوە؟

م. سەمیر: دەسەلاتی عێراق پێش بەعسیش دەسەلاتێکی عەلمانی بووە، ئیتر فۆرمە عەلمانییەکەی چ فۆرمێك بووە ئەوە قسەیەکی ترە، ئێمە پێمانوا نییە دەبێت دین لەسیاسەت جیابکرێتەوە، دەبێت دین لەگەڵ سیاسەت تێکەلاو بکرێت، جیاکردنەوەی دین لەسیاسەت لەناو کۆمەلگایەکی موسڵماننشین یەکێکە لەشتە ناسروشتییەکان.

ئاسۆ: ئەگەر ئاین بگەڕێتەوە بۆ ناو مزگەوتەکان کۆمەلگە چی زیانێك دەکات؟

م. سەمیر: با بەدیوەکەی تردا قسەیەك بلێین ئێ خۆ دین هەر لەمزگەوتدایە، دابڕاندنی دین لەسیاسەت بەچ مانایەك یان کێن ئەوانەی ئیدارەی سیاسەت دەکەن؟.

ئاسۆ: لەکۆمەلگە خۆرئاواییەکاندا دین لەدەولەت جیایە و موسڵمانەکانیش هەموو مافەکانیان پارێزراوە، ئەگەر دەولەت مافی هەموو خەڵك بپارێزێت، چ پێویست دەکات دین لەگەڵ دەسەلات تێکەلاو بکرێت؟

م. سەمیر: لەئەوروپا دین لەسیاسەت جیا نییە، بەلام حکومەت بێلایەنە لەبەرامبەر گروپە کۆمەلایەتی و فیکرییەکان، تەنیا سەکۆی سیاسەتیش بریتی نییە لەحکومەت، سەکۆی تر هەیە.

ئاسۆ: باسی گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیب هەرایەکی زۆری نایەوە لەنێو ناوەندی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانی کوردستان، باس لەوە دەکرێت ئێوە وەك پارتە ئیسلامییەکان لەگەڵ گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیبن، ئایا یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ گۆڕینی سروودی نیشتمانییە؟.

م. سەمیر: جارێ ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگ نییە، دەبێت بەچەند شێوەیەك سەیری سروودی ئەی ڕەقیب بکەین، یەکەم سروودەکە هی قۆناغی شۆرش بووە، ئێستا ئێمە لە قۆناغی بەڕێوەبردن و دەوڵەت و ئەزموونی سیاسیداین، پانزە ساڵە خۆمان حوکمی خۆمان دەکەین، دەبێت سروودی نیشتمانی گوزارشت بێت لەئێستای ئەم ئەزموونە.

ئاسۆ: ئایا بۆئەوە دەتانەوێت بگۆڕێت کە بێ منەتی خودا پیشان دەدات یان هۆکاری تر هەیە؟

م. سەمیر: ئەم سرووده دەبێت تەعبیر بێت لەئەزموونی ئێستای ئێمە، ئەی ڕەقیب تەعبیرە لە قۆناغێکی مێژوویی خەبات و شۆرشگێڕیی کە تێپەڕێنراوە، دووەم شیعرەکە کە هی دڵدارە بەدوو سێ قۆناغدا تێپەڕیوەو دەستکاریی کراوە، دەستکاریی کردنەکانیش بەتایبەتی لەو دوو دێرەدایە ئەگەر یەك واو دابنرێت لەوێدا مانای وشەکە بەتەواوی دەگۆڕێت، یان شیعرەکە خۆی دەستکاریی کراوە. سێیەم ئەو ڕەهەندە دینییەش هەیە کە بەدینکردنی لەڕووی ئاینییەوە قبوڵکراو نییە.

ئاسۆ: تۆ لەپێشتردا وتت کە چوار هەزار کەس داوای گۆڕینی بەندی حەوتی دەستوور دەکەن بەڵام لەبەرامبەردا بەملیۆنەها کەس لەگەڵ ئەو بەندەن، پێتوانییە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سروودی ئەی ڕەقیبدان، ئایا پێتوانییە داواکارانی گۆڕینی سروودی نیشتمانی زۆر زۆر کەمن؟

م. سەمیر: ئەو پێوانەیە دەقیق نییە، لەبەرئەوەی پێموانییە هەموو گەلی کوردستان لەگەڵ ئەو سروودەدا بن، دووەمیش کاك نێچیرڤان بارزانی خۆی لیژنەی دروستکردو ڕاوێژکارەکەی کاك هەڵکەوت زاهیر ئەو مارشە نوێیەی دانا، هەوڵەکە لە حکومەتی هەرێمەوە بوو.

ئاسۆ: پێتوانییە فشاری جەماوەر و ڕۆشنبیران ڕێگربوو لەبەردەم گۆڕینی سروودی نیشتمانی؟

م. سەمیر: پێموانییە فشارێکی جەماوەریی بووبێت، چونکە نەخراوەتە ڕاپرسییەوە تا بزانرێت ئایا جەماوەر دەنگی پێدەدات یان نا؟ ئەوە فشارێکی دەسەڵاتی بوو.

ئاسۆ: دوا پەرەسەندنەکانی باری سیاسی عێراق و کوردستان چۆن دەبینی، پێتوانییە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەو سیاسەتانەی کە ئێستا پەیڕەوی دەکەن سیاسەتێکی حەکیمانە نییە بەتایبەت لەمەڕ ماددەی سەدوچل و کێشەی کەرکووك؟

م. سەمیر: لەڕاستیدا کورد لەلێواری ڕووداوەکاندا بەئاگا دێتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات، ئەو سێ چوار ساڵەی پێشتر کە ئێمە بەشێك بووین لەبڕیارو قورسایی خۆمان هەبوو، کاریگەریی و جێکەوتەمان هەبوو لەسەر دەسەڵاتی سیاسی عێراق نەمانتوانی بەباشی سیاسەتی خۆمان بەڕێوەبەرین، ئەم چەندە ساڵە ئێمە نەمانتوانی یەکەم جەماوەر بەشداربکەین لەدۆزە سیاسییەکاندا، تەنانەت نەمانتوانی هەموو حیزبەکان بەشدرایی پێبکەین لە پرسە سیاسییەکاندا کە پرسی چارەنووس و مافی ئەم میللەتەیە.

بەدوور لەجەماوەر و هێزە سیاسییەکان، سەرکردایەتی سیاسی کورد کە لەدوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە، بەتەنیا مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دۆزەدا کردووە.

بۆ مەسەلەی کەرکووك، ئێمە نەمانتوانیوە ئەو هاوڵاتیانەی لەناو کەرکووکدا نیشتەجێن وەك تورکمان و ئاشوورییەکان و عەرەبەکان باوەڕیان پێبێنین کە بێنە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە.

دەسەڵاتی سیاسی لەعێراق قەت ئیسراحەتی نەکردووە بەدەست کێشەی کوردەوە کە لەسەر کەرکووك بووە ئەگەر 60٪ خەڵکی کەرکووك کوردبێت و 40٪ غەیرە کورد بێت، ئەگەر ئەم 40٪ لەگەڵ هاتنەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێم نەبێت ئێمە چەند ئاسودە دەبین بەدەست ئەو لەسەددا چلەوە؟ ئایا قودرەتی ئێمە بەرگەی ئەو کێشانە دەگرێت کە ئەو لەسەدا چلە بۆ ئێمەی دەخوڵقێنن؟

ئاسۆ: بەشێك لەچاودێران دەڵێن پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەگەڵ لایەنە ناڕازییەکانی پرۆسەی ریفراندۆمی کەرکووك گفتوگۆ بکات، لەنێویشیاندا بەرەی تورکمانی، ئەوەش بەدی دەکرێت دەسەڵاتی کورد گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی تورکمانی ڕەت دەکاتەوە، پرسیار ئەوەیە کاتی ئەوە نەهاتووە دەسەڵاتی کوردیی دیالۆگ لەگەڵ ئەم بەرەیەدا بکات؟.

م. سەمیر: من باسی لایەنێکی دیاریکراوی ناو تورکمانەکان ناکەم، دەبێت ئێمە دوو شت لەیەك جیابکەینەوە، بیرکردنەوەی سیاسی تورکمانی لەگەڵ گەلی تورکمان.

تورکمان گەلێکن بوونیان هەیە، خۆ ئەگەر بەرەی تورکمانی نوێنەرایەتی هەموو تورکمانەکان دەکات و هەموو تورکمان پێی ڕازین و تەنیا ئەو بەرەیە بەنوێنەری خۆیان دادەنێن، ئەو کاتە ئێمە ناچار دەبین گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا بکەین، لەبەرئەوەی مامەڵە کردنە لەگەڵ چارەنووسی گەلێك، ئێستا چۆن مامەڵە کردن لەگەڵ پارتی و یەکێتی مامەڵە کردنە لەگەڵ هەموو گەلی کورد دەبێت ئاوهاش دەبێت کورد مامەڵە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو گەلانە بکات.